# دنیای منداڵان

١٥٩

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا



# دنیای منداڵان

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی
منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا





سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا، مینا سوڵتانزادە

دیزاین: دایکی نارین



پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
www.Kurdistanukurd.com

منداڵە خۆشەویستەکان سڵاو!
ئەمن زۆر خۆشحاڵم دەزانن بۆ؟! ئەی لەبەر ئەوەی قوتابخانەکان کرانەوە! ئەدی ئێوە دڵتان خۆش نییە بە کرانەوەی قوتابخانە و دیتنەوەی دووبارەی هاورێ و هاوپۆلەکانتان؟! بێگومان ئێوەش خۆشحاڵن کە قوتابخانەکان کراونەتەوەو دەچنە پۆلێکی دیکە و وانەی نوێتر فێر دەبن و لەوانەیە هێندێک هاورێی نوێ بناسن و لەگەڵیان ئاشنا بن.
دەزانم هەمووتان دەزانن خوێندن و زانست لە سەردەمی ئێستادا بۆ ئێوە چەندە پێویستە و بێگومان ئێوەش هەوڵ دەدەن رۆژ لە دوای رۆژ شتی زیاتر و باشتر فێر بن، چونکە زانست و تێگەیشتن رێگەچارەی گەیشتن بە داهاتوویەکی گەشە و دەتوانین بە یارمەتیی زانست بە مافەکانمان بگەین.
ئەرێ منداڵەکان ئێوە لە قوتابخانەکانتان رازین؟ دەبێ پاک و خاوێنی قوتابخانەکانتان بپارێزن، چونکە قوتابخانە ماڵی دووهەمی ئێوەیە. هەروەها دەبێ مامۆستاکانتان خۆشبوێ و رێزیان لێبگرن، چونکە ئەوان کاتی خۆیان بۆ ئێوە تەرخان کردووە و وانەکانتان فێر دەکەن. ئەدی دەزانن دەبێ لە پەڕینەوەی شەقام زۆر وشیار بن و کاتێک دەتانهەوێ بەرەو قوتابخانە برۆن و لە شەقام بپەڕنەوە، لەپێشدا بە جوانی سەیری ئەملاو ئەولای شەقامەکە بکەن و ئەگەر هیچ ئوتومبێلێک دیار نەبوو بپەڕنەوە.
چاوگەشەکانی داهاتوو! دنیای منداڵان هیوادارە ئەمساڵیش سەرکەوتن بەدەست بێنن و هەر وەک ساڵانی رابردوو بەباشی وانەکانتان بخوێنن.
هەر شاد و سەرکەوتوو بن و چێژ لە قوتابخانە و فێربوون و زانست وەرگرن.

مینا سوڵتانزادە







خانمە هونەرمەند مەرزیە فەریقی ساڵی ١٩٥٨ی زایینی لە شاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو شارە تەواو دەکا و دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە شاری سنە و لەوێ خوێندن تەواو دەکا.

مەرزیە هەر لە تەمەنی منداڵیەوە حەزی لە کاری هونەری و گۆرانی گوتن بووە، یەکەم کاری هونەریی لە تەمەنی ٩ ساڵی دابووە کە بەشداری لە شانۆیەک دا بووە. هاندەری سەرەکیشی بۆ پەرەپێدانی هونەرەکەی باوکی بوو.

خاتوو مەرزیە جیا لە کاری هونەری و گۆرانی گوتن خەباتکارێکی رێگای ئازادیی کوردستان بوو و بۆ ماوەی چەند ساڵ پێشمەرگە بووە و چەندین گۆرانی و سروودی شۆڕشگێرانەی هەیە.

ساڵی ١٩٨٥ دەچێتە وڵاتی سوئێد و لەوێ درێژە بە کارە هونەرییەکانی دەداو هەر لە رێی هونەرەکەیەوە خزمەتێکی زۆر بە گەلەکەی دەکا، بە داخەوە ئەو خانمە هونەرمەندە لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی سوئێد ماڵئاوایی لە ژیان دەکا.

**ئا. مەتین**




٢١ی سێپتامبر بە ڕۆژی جیهانی ئالزایمێر (لەبیرچوونە) ناودێر کراوە.

ڕەنگە هەموومان ئەو ناوەمان بیستبێت، بەڵام با هێندێک زانیاری لەسەر ئەو نەخۆشییە بزانین:

ئالزایمێر نەخۆشییەکە کە بەهۆی ئەوەوە خانەکانی مێشکی مرۆڤ دووچاری لەناوچوون دەبن و هێندێک کەموکوڕی لە فرمانەکانی مێشک دا ڕوودەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەخۆش دووچاری لەبیرچوونەوە و فەرامۆشی ببێت و دواتریش تواناییەکانی مێشکی کەم ببێتەوە.

ئەم نەخۆشییە دوای ئەوەی ڕێگرییەک دروست دەبێت لە بەردەم پەیوەندی نێوان خانەکانی مێشکی مرۆڤ سەرهەڵدەدات و دواتریش دەبێتە هۆی لەناوچوون و داڕووخانیان و سەرەنجام بچووک بوونەوەی قەبارەی مێشکی مرۆڤی تووشبوو.

ئەم نەخۆشییە بەو پشکنینانەی کە پزیشک لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە بۆ مرۆڤەکەی دەکات و بە لەبەرچاو گرتنی ڕابردووی تەندرووستیی مرۆڤەکە، دەردەکەوێت.

هەرچەندە بەشێوەیەکی ورد دیاری نەکراون، بەڵام دەتوانین بڵێین هێندێک هۆکار هەن کە ڕۆڵیان هەیە لە زیاتر تەشەنە کردنی نەخۆشییەکە، وەک: تەمەنی زیاتری لە ٦٥ ساڵی، کەمی چالاکییە مێشکییەکان، جەڵدەی دەماخ، بەرکەوتی بەهێزو پتەو بە سەردا، کەمی ڤیتامینەکانی وەک E.B١٢.A. C. B١ و ئەسید فۆلیک، کەمی چالاکییە جەستییەکان و وەرزش، نارەحەتیی درێژخایەن، زۆربوونی کۆلێسترۆڵی خوێن، کێشانی سیگار، بوونی ماددەی ژەهراوی لە ژینگەداو .....

بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤی تووشبوو لەسەرەتاوە بۆ ماوەیەکی کورت تووشی لەبیرچوونەوە دەبێت و دواتر کاریگەری دیکەشی دەبێت کە دەتوانین لەم چەند خاڵەدا کورتیان بکەینەوە:



– مێشکی تووشبوو بێهێز دەبێت و تووشی لەبیرچوونەوە دەبێت.
–لە زمان و قسەکردنی دا دەردەکەوێت و توانای دەربڕین و دەرکی وشەکانی نامێنێت،
–کەموکوڕی لە نووسین، خوێندنەوە و ژماردن.
– بێ توانایی لە هەڵسەنگاندن و بڕیاردان، بیرکردنەوە و سەرنج دان.
– بێ توانایی لە دۆزینەوەی شوێن و دیاریکردنی کات.
– بە ئاسانی توانای فێربوونی نابێت.
لە ڕووی دەروونیشەوە تووشی ئەمانە دەبێت:
پێکەنین و گریان لەناکاو و لەخۆڕا. بێ خەوی و ئاڵۆزی لە خەودا، نارەحەتی، بێ باوەڕی و ڕەشبینی، هەست و سۆزی ناتوانێت بە ئاسانی و لە کاتی خۆی دا دەرببڕێت، ئاڵۆزی و تەنانەت لەبیرکردنی ئەو شتانەی کە لە ڕابردوودا حەزی لێبوون و پێی خۆش بوون یان لەبیرکردنی ئەو کەسانەی کە خۆشی ویستوون.
کەسی تووشبوو هێندێک ڕەفتاری سەیر لەخۆی نیشان دەدات کە پێشبینی ناکرێن وەکو پیاسە کردن لەخۆڕا یان دانیشتن و نەجووڵان لە شوێنێک ئەوان زۆر جار لە ماڵ دەچنە دەرەوە و ون دەبن زۆربەیان لە حاڵەتی بەرگری دان و بەردەوامیش هێرش دەکەن. هەمیشە پێیان خۆشە کەسانێک هەبن پارێزگارییان لێبکەن، هێندێکیان وەسواسن و لە کاتی خۆرئاوابوون دا نیگەران دەبن و ناتوانن ئارامی خۆیان ڕابگرن.
هێندێک ڕەفتارو هێندێک وشە بەردەوام دووبارە و چەندبارە دەکەنەوە. کەلوپەلی کەسانی تر هەڵدەگرنو لەڕووی جەستەییەوە زۆر کەموکوڕییان دەبێت و کەسایەتییان ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. کەلوپەل و خواردنەکانیان کۆ دەکەنەوە و دەیانشارنەوە. لە ڕووی فیزیاییشەوە کەموکووڕی لە جەستەیان دا دەردەکەوێت وەک بە ڕێگادا ڕۆیشتن، نان خواردن و تەنانەت شێوەی جلوبەرگ لەبەرکردنیشیان دەگۆڕێت و خۆشتنیشیان ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت

**هانا وریا**

# قوتابخانە

قوتابخانە زۆرخۆشە
مەڵبەندی بیر و هۆشە

دەیپارێزم باخچەکەی
دەرگاو شوشە و پەنجەرەی

قوتابخانە گشت کاتێ
ڕووناکیمان دەداتێ

فێرمان دەکا وریا بین
بۆ تەنگانە ئازا بین

قوتابخانە زۆر خۆشە
مەڵبەندی بیر و هۆشە

لەتیف هەڵمەت



# خنجیلەکان! جیاوازییەکانم بدۆزنەوەو بمڕەنگێن!





# بەستەنی سێحراویی!



لە شارێکی بچووکی ئەم جیهانە پیرە پیاوێک بەناوی پائۆلۆ ژیانی بەسەر دەبرد، پائۆلۆ بەستەنیی دەفرۆشت و هەموو ڕۆژێ بەستەنییەکانی دەخستە داشقەیەک و لە شاردا دەسووڕایەوە و بەستەنییەکانی دەفرۆشت. ڕۆژێک چووە گەڕەکێک کە خەڵکەکەی زۆر فەقیر بوون و منداڵەکانی بە حەسرەتەوە دەیانڕوانییە داشقەی پائۆلۆ و پارەیان نەبوو بەستەنیی لێبکڕن. پائۆلۆ کە دیتی منداڵەکانی ئەو گەڕەکە پارەیان نییە بەستەنی بکڕن هەموو بەستەنییەکانی بە خۆڕایی لە نێو منداڵەکان دا دابەش کرد و ڕۆیشتەوە بۆ ماڵێ، بەڵام دەترسا بچێتەوە ئەو کارخانەیەی بەستەنییەکانی لێ‌هێنابوو، چونکە پارەی بەستەنییەکانی بە سێحەبی کارخانەکە نەدابوو.

لەو کاتەدا فریشتەی میهرەبان هات و داشقەکەی پائۆلۆی پڕ کرد لە بەستەنی و لەو کاتەوە پائۆلۆ هەر کات بەستەنی ویستبا دەیگوت «داشقە نازدارەکەم خێرا بەستەنی ساز بکە، و داشقەکەی پڕ دەبوو لە بەستەنی.

سێحەبی کارخانەکە پیاوێکی چاوچنۆک بوو و کە زانی داشقەکەی پائۆلۆ جادووگەرە، لێی دزی و خۆی کرد بە پائۆلۆو پێی دەگوت «داشقە نازدارەکەم خێرا بەستەنی ساز بکە» داشقەی بێچارەش دەستی دەکرد بە سازکردنی بەستەنی و بەو شێوەیە هەموو داشقەکانی پڕ بوون لە بەستەنی. سێحەبی کارخانە کە هەموو کارخانەکەی پڕ بوو لە بەستەنی، ئەوجار دەیویست پێشی پێ‌بگرێ و هەموو ئەو شەقامانە پڕ بوون لە بەستەنی و بەستەنییەکان تووانەوە، پائۆلۆ دەترسا خەڵکی ئەو شارە لەنێو بەستەنی‌دا بخنکێن، هەر بۆیە بە مەلەکردن خۆی گەیاندە داشقەکەی و پێشی پێ‌گرت تا چیدیکە بەستەنی ساز نەکا و دوای ئەوە بۆ هەمیشە ئەو شارەی بەجێ‌هێشت تا خەڵک نەزانن ئەو داشقەیە هی ئەو بووە.

بەڵێ منداڵە خۆشەویستەکان! ئەو پیرە پیاوە بەخشندە بوو، بەڵام سێحەبی کارخانەکە بە چاوچنۆکی خۆی شارەکەی وێران کرد.

**داڕشتنەوەی: دایکی نارین**

Hi every body سڵاو منداڵەکان!

وانەی ئەمجارەمان تایبەتە بە کردە و ئەنجامی کار لە ئێستادا، واتە

ئێستا لەم کاتەدا کە خەریکین قسە دەکەین



Now, at the moment, as we)

(speak

What ’s the dog doing?

ئەو سەگە خەریکی چیە؟



The dog is sleeping.

سەگەکە خەوتووە.

He is eating.

ئەو(کوڕە) خەریکی نان خواردنە.



He is drinking.

ئەو خەریکی خواردنەوەیە.

She is reading.



ئەو (کچە) خەریکی خوێندنەوەیە.

The fox is singing.

ڕێوێکە خەریکی گۆرانی وتنە.



He is swimming.

ئەو پیاوە خەریکی مەلە کردنە.



She is walking.

ئەو (ژنە) خەریکی قەدەم لێدانە.



He is running.

ئەو (پیاوە) خەریکە هەڵدێ.



They are watching TV.

ئەوانە خەریکن چاو لە تیڤی

دەکەن.



She is cooking.

ئەو) ژنە) خەریکی خواردن ساز

دەکات.

| Brushing | Cleaning | Shaving | Listening | Painting | Speaking | Cutting | Taking a shower |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مسواک لێدان | خاوێنکردنەوە | ردێن(ریش)تاشین | گوێدان | نەقاشیکردن | قسەکردن | برینەوە | خۆ شووشتن |

**کاوە ئاهەنگەری**


باوکە گیان من کێشەیەکی بچووکم هەبوو لە قوتابخانە چارەسەرم کرد، ئەوەش چەکەکەت، بۆم هێنایەوە!


باوکە ئەمڕۆ لە قوتابخانە فڵانکەس لێیدام!
فڵانکەس کێیە ڕۆڵە گیان؟! با من قسە لەگەڵ بنەماڵەکەی بکەم.
وەڵڵا مامۆستامە باوکە!


جیاوازی نێوان خوارنە خاوێن
و پیسەکان چییە؟
وەڵڵا کێشە ئەوەیە کە
منداڵان حەزیان لە خواردنی
خاوێن نییە!


ئەرێ وەرە کێبرکێیەک بکەین،
هەر کامامان زووتر گەیشتینەوە
ماڵێ، سەردەکەوێ!
دەی باشە قبووڵمە
وەی باوکە! ئەوە چی
بوو؟!!!

لە خوێندنگە گەڕامەوە، بینیم دایکم بە نارەحەتی لەسەر کورسییەکە دانیشتتووە. لێی نزیک بوومەوە و باوەشم پێداکرد، زۆر بە بێهێزی بەخێرهاتنی کردم. لێم پرسی بۆچی ئاوا بێتاقەت و خەمبارە. دایکم فرمێسکی هاتە خوارەوە و گوتی:

- قەت ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێتەوە کە خەریکی ساز کردنی شفتە بووم، گوێم لە زەنگی دەرگا بوو. باوکم بوو نانی تازەی بۆ هێنابووین، باوکم هەموو ڕۆژێ لە سەر ڕێگای خۆی نانی تازەی بۆ ئێمەش دێناوە. باوکم دەیگوت زۆر گرینگە ئەو نانەی دەیخۆی باش و تازە بێت. هەموو ڕۆژێ لە دەرگای دەدا و نانەکەی بۆ دێناین و دەڕۆیشت، قەتیش نەدەهاتە ژووری. ئەو ڕۆژە باوکت دەرگای کردەوە، بە پەلە هەڵاتە لای پلیکانەکان، باوکم نانی بۆ هێنابووین، دایکیشمی لەگەڵ بوو. باوکت زۆری لەگەڵ هەوڵ دان کە بێنە ژووری و بۆ نانی ئێوارە بانگهێشتی کردن. لە جێی خۆم وشک بووم، چ بکەم ماڵەکە شپرزە بوو، ماندوو بووم، تازەش لەسەر کار هاتبوومەوە، میوەشمان هیچ لە ماڵێ دا نەبوو. باوکت هاتە چێشتخانەکە بۆوەی چایان بۆ تێبکات، بە نارەحەتی لێم پرسی:

- بۆ زۆریت لێ دەکردن؟! باوکیشت گوتی:

- وەڵلا گوتم شفتەمان هەیە با پێکەوە بیخۆین، ئەمنیش گوتم:

- خۆراکم دروست کرد بۆوەی بۆ سبەینێ نیوەڕۆش بمێنێتەوە. باوکت گوتی:

- دەی قەیدی چ دەکا ماڵتە، ئێستا چ ڕووی داوە ئاوا خۆت نارەحەت کردوە؟! ئەمنیش بە نارەحەتییەوە گوتم: هیچ ڕووی نەداوە. باوکم لە قەراغ دەرگای چێشتخانەکەوە ڕاوەستابوو و گوتی:

- کچم ماندوو نەبی. وەبیرم هاتەوە کە خۆ هەر سڵاویشم لێ نەکردبوون. ئەوشەوە دایکم و باوکم زۆر بە ماتی لەسەر مۆبلەکان دانیشتبوون. لە کاتی نان خواردنیش دا بابم تەنیا شفتەیەکی خوارد و دایکیشم بە بیانووی ئەوەی کە ڕێژیم دەگرێت چەند کەوچک سالادی خوارد. برێک دواتر خوداحافیزییان لێ کردین و ڕۆیشتن. کچم چەند ساڵ دوایە تۆ لەدایک بووی و دوای ماوەیەکی کورت دایکم و باوکم هەردووکیان کۆچی دواییان لێکرد و لە ژیان دا



نەمان. ئەوڕۆ کە خەریکی شفتە دروست کردن بووم، زۆر لە ناکاو بیرێکم بە مێشک دا هات. ناکا ئەو شەوە باپیرت گوێی لە قسەکانی من و بابت بووبێت؟! ناکا لەبەر ئەوە بووبێت نانیان نەخواردبێت؟! کە بیرم لەوانە دەکردەوە هێزم لێ برا و ئازارێکی سەیر بە دڵم دا هات. شفتەکەم لە تاوە دەرهێناو گوتم:- بەڕاستی چوار شفتە ئەوەی دەهێنا؟! ئازارێکی زۆر ناخمی داگرتوە. لەبەر ئەوەی بایەخی زۆر کەس هەست پێ ناکەین و لەبەر ئەوەی بایەخ بە زۆر شتی بێ نرخ دەدەین و لەبەر ئەوەی گرینگی بە زۆر شتی بچووک دەدەین و لەبەر ئەوەی دەرک بە هێندێک شتی گرینگ ناکەین........ زۆر بیریان دەکەم، خۆزگە ئێستا دایکم و باوکم لە دەرگاکە دەهاتنە ژوورەوە، ئیدی کوا گرینگە ماڵەکەمان خاوێنە یان نا، میوەمان هەیە یان نا، ئێستا بۆنی شاڵەکەی دایکم دەکرد و دەستی میهرەبانی باوکم ماچ دەکردو نانی تازەمان پێکەوە دەخوارد. ئێستا دەتوانم هەرچەندی بمهەوێت شفتە دروست بکەم بەڵام ئیدی کەس لە دەرگای ماڵەکەمان نادات و..... کچم. هێندێک شت هەن مرۆڤ تا لەدەستیان نەدات قەدریان نازانێت

**هانا وریا**

# وێنەی چەند ئاژەڵێکی تایبەت








# دابەزاندنی کێشی منداڵانی قەڵەو بە خواردن

چۆن دەتوانین بە خواردن کێشمان دابەزێنین؟
یەکێک لە باشترین شێوەی پێشگرتن بە ئیشتیا و کەم کردنی کێش، زیاد کردنی جەمی خواردنی رۆژانەیە لە ٣ جەمەوە بۆ ٥ جەم و بەکارهێنانی مادەی خواردنی کەم کالێری و پڕ لە فیبر و سەوزی.
خۆبواردن لە بەکارهێنانی قەند، شەکر، ئاردی سپی و هەروەها کەم کردنەوەی خوێ، قاوە و چایی بۆ پێشگرتن بە قەڵەوی و کەم بوونەوەی کێش.
هێندێک لە لێکۆڵەران لەسەر ئەو بڕوایەن کە خواردنەوەی لیوانێک ئاو کە سێ کەوچکی ئاشخۆری سرکەی سێو تێ بکرێو لەگەڵ جەمی خواردنەکان بخورێتەوە، هەم خواردنەکە هەزم دەکا و هەم پێش بە چوونەسەری کێشی لەش دەگرێ. هەروەها خواردنەوەی لیوانێک ئاوی لیمۆ ترش و ئاوی پرتەقاڵ بەیانیان زۆر کاریگەرە بۆ ئەوەی کە زوو لە قەڵەوی رزگارمان بێ.





## قسەی خۆش بۆ پێکەنین!



قازی بە دزەکە دەڵێ: ئەرێ شەرم ناکەی ئەوە دووهەمین جارە دەتهێننەوە ئێرە؟!

دزە: نەخێر! تۆ دەبێ شەرم بکەی هەموو رۆژێ لێرەی!

***



مامۆستا: بەهێزترین پیاوی جیهان کێیە؟!

قوتابی: وەڵڵا سێحەبماڵەکەمان، چونکە بە کوتە کاغەزێک هەموو کەل و پەلی ماڵەکەمانی فڕێ دایە کۆڵان!

***

مامۆستا: چۆن دەتوانین پاک و خاوێنی قوتابخانە بپارێزین؟!

قوتابی: بە نەهاتنەوەمان بۆ قوتابخانە!

***



مامۆستا: بۆچی چاوت لە تاقیکردنەوەی هاورێیەکەت کردو لە رووی ئەو وڵامی پرسیارەکەت دایەوە؟!

قوتابی: ماڵتە مامۆستا تۆ لەکوێ ئاگات لێبوو؟!

مامۆستا: ئاخر ئەو نووسیویەتی من وڵامی ئەم پرسیارە نازانم، تۆش هەر ئەوەت نووسیوە!

دیاریی نارین کەنکاش بۆ دنیای منداڵان



### بۆ زانیاری ئێوە!

* ئەگەر گەورەیی رۆژ بە قەدەر تۆپێکی باڵە دابنێین، زەوی (عەرز) لە ئاست ئەو تۆپە بە قەدرایی خاڵێکی بچووکە کە قەڵەمێک لە سەر کاغەزێک دایبنابێت. بارستایی پشتوێندی خۆر ١/٤ میلیۆن کیلۆمیترە.

* هەتاو تۆپێکی گەورەی ئاورینە کە لەچەندین گازی یەکجار زۆر گەرم پێک هاتوە. دوو گازی هیدرۆژین و هێلیۆم کە دەبنە هۆی وزەی گەرما و رووناکیی هەتاو، گرنگترین پێکهاتەی خۆرەن.

* پلەی گەرمای بەشی دەرەوەی هەتاو کە ساردترین بەشی هەتاوە دەگاتە ٦٠٠٠ پلەی سانتیگراد. گەرمای ناوەوەی هەتاو دەگاتە ١٥ میلیۆن دەرەجەی سانتیگراد.

* رۆشنایی هەتاو هەر ئەوەندە زۆرە کە لە مەودای چەندین میلیۆن کیلۆمیتر دوورترەوە دەتوانێ چاوی مرۆڤ کوێر بکا. سەیر کردنی راستەوخۆی هەتاو دەتوانێ زۆر بە هاسانی توانای بینین لە مرۆڤ بستێنێ. هەر بۆیە سەیری راستەوخۆی هەتاو لە هیچ کات دەمێکی رۆژدا باش نیە.



## ئایا دەزانن کامە لە ئاژەڵەکان گەورەرین مێشکیان هەیە؟



- دۆلفینی لوت قوتویی( دلفین بینی بطری) کێشی مێشکی ١ کیلۆ و ٥٠٠ گرام



- نەهەنگی عەنبەر  کێشی مێشکی ٧ کیلۆ و ٥٠٠ گرام



- فیل کێشی مێشکی ٦ کیلۆگرام



- وشتر کێشی مێشکی ٥٦٧ گرام



- ئەسپی ئاوی کێشی مێشکی ٥٨٥ گڕام

## چەند دیمەنێک لە کردنەوەی قوتابخانەکانی منداڵانی دیٚموکراتی کوردستان



















